**چەند پرسیار سەبارەت بە**

## لایەنی هونەریی کارە مۆسیقاییەکانی مامۆستا حەسەن زیرەک

**بە بۆنەی سەدەمین ساڵی لەدایکبوونیەوە**

مامۆستایانی بەڕێزی بواری مۆسیقا،

سپاسی زۆرتان دەکەین ئەگەر بە گوێرەی شارەزایی خۆتان لە کارە هونەرییەکانی مامۆستا حەسەن زیرەک، ئەوەندەی بۆتان بگونجێت وەڵامی هەموو، یان بەشێک لەم پرسیارانەی خوارەوەمان بدەنەوە با وەک ڕێز لێگرتنی ئەو هونەرمەندە، بە بێ دەست تێوەردان لە سەر سایتی ڕۆژهەڵات – بۆکان بڵاوی بکەینەوە.

1. دۆخی قورگ و شێوازی دەنگی زیرەک
2. چەشنایەتی دەنگ (تێنۆر، یا ...؟)
3. ڕادەی توانای دەنگەکەی (ڕادەی سەرکەوتوویەکەی لەو بوارەدا)
4. توانای گوتنی گۆرانیی بێ مۆسیقای تا چ ڕادەیەک بووە؟
5. ڕادەی ناسیاو بوونی لە مەقاماتی مۆسیقا یان دەزگا مۆسیقاییەکان
6. ئایا:
   - لە ماوەی ژیانی هونەریی خۆیدا لە سەر ڕادیۆ بەغدا،
   - لە ڕادیۆی تاران و کرماشان،
   - لە دەرەوەی ڕادیۆ فەرمییەکان،

   زیاتر هۆگری مەقاماتی عوسمانی بووە، یان بەلای دەزگاکانی مۆسیقای ئێرانیدا شکاندۆتەوە؟
7. چەندە شارەزای مەقامە کوردییەکان بووە؟ زیاترکام مەقامی کوردیی ناسیوە و گوتوویەتەوە؟ ئایا ئەو مەقاماتە کوردییە لە ناو مەقام یا دەزگاکانی مۆسیقای عوسمانی و ئێرانیدا دەگونجێن یا لەوان جیاوازن؟
8. لە ماوەی گۆرانی گوتنەکانیدا، چەندە لەسەر مەقامە مۆسیقاییەکە پێداگر بووە و پاراستوویەتی و چەندە لێی لاداوە و بە لاڕێدا ڕۆیشتووە؟
9. چەندە شیعری گۆرانییەکانی کردۆتە قوربانیی پاراستنی مەقامە مۆسیقاییەکە یا پێچەوانەکەی؟
10. بە گشتی، لایەنی مۆسیقایی کارەکانی زیرەک چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

ئەگەر لە دەرەوەی ئەم پرسیارانە، بابەتی تر شک دەبن، کە بە دڵنیایی دەبێ ببێت، تکا دەکەین باس لەوانیش بکەن.

بەوپەڕی ڕێزمانەوە
سایتی ڕۆژهەڵات – بۆکان

٢٠٢١/٥/١٧